ڕوسیا ئەمڕۆ چوارشەممە دەرکردنی دە دیبلۆماتکاری نەرویجی لە وڵاتەکەی ڕاگەیاند

ڕوسیا ڕۆژی چوارشەممە دەرکردنی 10 دیبلۆماتکاری نەرویجی ڕاگەیاند وەک وەڵامدانەوەیەک بە دەرکردنی 15 کارمەندی باڵیۆزخانەکەی لە وڵاتی نەرویج کە تەمەتبارکرابوون بە سیخوڕیکردن لە ناوەڕاستی مانگی چواردا، ئەمەش لە کاتێکدایە پێیوەندییە دیپلۆماسییەکانی مۆسکۆ لەوتای دەستپێکردنی هێرشەکەی سەر ئۆکرانیا خراپتر بوون.

وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا لە بڕیارنامەیەکدا ڕایگەیاند، باڵیۆزی نەرویجی ڕێبەرت کڤیلی بانگهێشت کردووە و ئاگاداری کردووەتەوە لە دەرکردنەکان " وەک بەشێک لە ڕەوشوێنکانی تۆڵەسەندنەوەیە" و ناڕەزایی توندی خۆی دەربڕیوە دژی دەرکردنی دیپلۆماتکارانی ڕوسیا لەلایەن نەرویجەوە.

دەزگای ئاسایشی نەرویج ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند، وڵاتەکەی 15 دیبلۆماتکاری ڕوسی دەرکردووە کە هەوڵیان داوە سەرچاوەکان بەکاربهێنن بە ڕەگریکردن لە پێیوەندییەکان و کێبڕکێی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو.

ئینگلەر هەگلاند، بەڕێوەبەری هەواڵگری ئاژانسەکە لە کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، کە خاوەنکارە ڕاستەقینەکانی دیپلۆماتکاران بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی سەرکی و دەزگای ئاسایشی فیدراڵی و دەزگای هەواڵگری بیانی بوون.